## دەقی گەڵاڵەی پێشنیارکراوی تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## بۆ چاکسازی لە ساختاری حیزبدا

لە بەرەبەری کۆنگرەی 16ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، حیزبەکەمان لە بەردەم قۆناغێکی مێژوویی چارەنووسسازدایە و دەرفەتەکان و هەڕەشەکانی سەر ڕێگا و خێرایی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە چارەنووسی نەتەوەکەمان بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، پێویستی بەخۆداچوونەوە و ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی حیزبدا زیاتر لە هەمیشە دەخاتە پێش چاوی ئێمە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

بە دەستپێکردنی قۆناغی نوێی خەباتی حیزب و هەڵگرتنی گوتاری پێکەوەگرێدانی خەباتی شاخ و شار کە بە ڕاسان ناوی دەرکردووە، لە ڕەوتی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکاندا هێندێك کێشە و کەموکوڕی خۆیان دەرخست کە بەشێکیان پێوەندییان بە پێکهاتە و سیستمی حیزبەوە هەیە و دەبنە هۆی ئەوەی کە سەرەڕای هەوڵ و ماندووبوونی دڵسۆزانەی هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان، نەتوانین وەك پێویست وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی خەڵك و پێشبینییەکانی خۆمان بین.

هەر بۆیە بە سەرنجدان بەو ئەزموونانە و لە بەرچاوگرتنی ئەو کەموکۆڕییانەی کە لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەو ماوەیەدا بۆمان هاتوونەتە پێش و بە مەبەستی نەهێشتنی کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ڕێگای چالاکیی بەربڵاوتر و شوێندانەرتری حیزبەکەمان، بە پێویستم زانی ڕاوبۆچوونی خۆم وەکوو پێشنیار و ڕێکارێك بۆ دەربازبوون لەو کەندوکۆسپە سیستماتیکانە، لە دووتوێی گەڵاڵەیەکدا بخەمە ڕوو.

لەم گەڵاڵەیەدا هەوڵ دراوە بۆ درووستبوونی بڕیار کەڵك لە زۆرترین تواناکان وەربگیرێت، چوونکە ئەگەر بڕیارێك بە بەشداریی ژمارەیەکی زیاتر دەر بچێت، بێگومان هەم هەستی بەرپرسیارێتی لە نێو حیزبدا بە هۆی بەشداریی زۆرتری خەڵك زیاتر دەکات و هەم بابەتەکان زیاتر تاوتوێ دەکرێن و وردبینیی زیاتر لە دەرکردنی بڕیاردا دەبێت.

هیوادارمدڵسۆزانی حیزب و بزووتنەوە ڕەواکەمان بە ناردنی بۆچوون و ڕەخنە و ڕێنوێنییەکانیان لەم پێوەندییەدا یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی کە بتوانین گەڵاڵەکە دەوڵەمەندتر بکەین و ئەو بۆشایی و کەلێنانەی کاروباری حیزب کە بە نەزەری ئەوان دەگات و لەوانەیە لەم گەڵاڵەیەدا لە بیر کرابن، پڕ بکرێنەوە و هەمووومان بە گەڵاڵەیەکی هاوبەش و تۆکمەوە بتوانین لە کۆنگرەی داهاتووی حیزبەکەماندا هەنگاوی کردەکی بۆ بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی خەباتەکەمان هەڵبگرین.

**ئامانجی ئەم گەڵاڵەیە:**

1. دیسانترالیزەکردنی دەسەڵات لە حیزبدا (شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ ئۆرگان و کۆمیتەکان)

2. هەماهەنگی و هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسایەتی و دەستڕۆیشتوویی (سەلاحییەت)دا، واتە ناکرێ کەسێك بەرپرسایەتییەکی پێ بدرێت، بەڵام دەسەڵات و سەلاحییەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پێ نەدرێت و زەمینەی بەکارهێنانی ئەو سەلاحییەتەی بۆ نەڕەخسێت و لە هەمان کاتدا کەسێکی دیکە هەموو سەلاحییەت و دەسەڵاتێکی پێ بدرێت، بەڵام بەرپرسایەتیی ئەو سەلاحییەتانەی هەڵنەگرێت.

**ئۆرگانیزاسیۆنی حیزبی**

**ئا: کۆنگرە:**

کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە کە چوار ساڵ جارێك دەبەسترێت و پێك دێت لە:

ـ ئەندامانی ڕێبەری (ئەندامان، جێگرەکان و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی دەستەی چاوەدێری)

ـ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکان.

ـ ژمارەیەك نوێنەر بە مافی دەنگدان و دەنگ وەرگرتنەوە کە کومیتەی ناوەندی بەپێی لێهاتوویی یان توانایان لە بەڕێوەبردنی ئەرکێکی گرینگ یا بەرپرسایەتییەکدا بە زۆرینەی دەنگ هەڵیاندەبژێرێت.

ڕێبەری دەتوانێ لە هەلومەرجی هەستیاردا تا ساڵێك كۆنگرە دوا بخات.

**ئەركەكانی كۆنگرە:**

ـ ستراتژی و ڕێبازی حیزب بۆ ماوەی نێوان دوو كۆنگرە دیاری دەكات.

ـ ژمارەی ئەندامانی ڕێبەری دیاری دەكات و هەڵیاندەبژێرێت.

ـ هەڵبژاردن لە كۆنگرەدا بە هۆی كۆمیتەیەكەوە بەڕێوە دەچێت كە ئەندامانی كۆنگرە هەڵیاندەبژێرن.

**ب: كۆمیتەی ناوەندی:**

لە بەرپرسانی هەموو ئۆرگانەكانی پێوەندیدار بە كاری حیزبی (بەدەر لە دەستەی چاوەدێری) پێك دێت كە لە كۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن.

كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ناوەندی بە بەشداریی 2/3ی ئەندامانی مەشرووعییەت پەیدا دەكات و بە دەنگی نێوە زێدە یەكی بەشداران دەتوانێ بڕیار دەر بكات.

سكرتێر و جێگری سكرتێر هەر كامەیان بەرپرسایەتیی ئۆرگانێكی حیزبییان لە ئەستۆ دەبێت.

كۆمیتەی ناوەندی مافی هەیە تا نیوەی ڕێژەی ئەندامانی خۆی راوێژكار هەڵبژێرێت كە پێویستە لانیكەم تا كۆنگرە 80%یان هەڵبژێرێن.

ڕێژەی لانیكەم 20%ی ئەندامانی ڕێبەری بۆ ژنان تەرخان دەكرێت.

**ج: دەفتەری سیاسی:**

دەفتەری سیاسی لە لایەن كۆمیتەی ناوەندییەوە هەڵدەبژێردرێت و ڕێژەی 1/3ی ئەندامانی كومیتەی ناوەندی پێك دێنێت. ئەندامەكانی دەفتەری سیاسی بریتین لە:

ـ سكرتێر

ـ جێگری سكرتێر

ـ بەرپرسانی كۆمیسیۆنە سەرەكییەكانی حیزب

دەفتەری سیاسی دەتوانێ تا 1/3ی ڕێژەی ئەندامانی خۆی، ڕاوێژكار بۆ خۆی دیاری بكات.

**د: دەستەی چاوەدێری:**

ـ ئەم دەستەیە لە سێ کەس پێك دێت کە لە کۆنگرەدا هەڵدەبژێردرێن و لە جێبەجێکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی خۆیاندا سەر بە هیچ ئۆرگانیکی حیزبی نابن، واتە لە چاوەدێری و بڕیارداندا سەربەخۆ دەبن.

ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی چاوەدێری:

ـ چاوەدێری بە سەر داراییەکان و داهات و دەرکەوتی حیزب لە هەموو بەشەکاندا.

ـ چاوەدێری بە سەر ڕەچاوکردن و بەڕێوەچوونی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ لە ڕەوتی پەسەندکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیزبدا.

ـ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان (تەشکیلاتی، ماڵی).

ـ دەرکردنی بڕیار یا دانەوەی ڕاپۆرت بە پلینیۆمی کومیتەی ناوەندی.

-لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا ئەندامێکی دەستەی چاوەدێری بە مافی دەنگدانەوە بۆ تاوتوێکردنی بڕیارە پەسەندکراوەکانی ئەو دەستەیە بەشدار دەبێت. لەو حاڵەتەدا بڕیارەکە بە دەنگی نیوە زێدە 1ی ئەندامانی پلینۆم ڕەد یا پەسەند دەکرێت.

تێبینیی: پاش پەسەندکردنی بڕیارەکانی دەستەی چاوەدێری لە لایەن کومیتەی ناوندییەوە، هەموو ئۆرگانێکی حیزبی دەبێ پابەندی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەم دەستەیە بێت کە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە تەئید دەکرێن.

ئەو ئەندامەی دەستەی چاوەدێری کە لە کۆبوونەوی کومیتەی ناوەندیدا بەشدار بووە، تەنیا لە ڕەوتی تاوتوێکردنی بڕیارەکانی دەستەی چاوەدێریدا خاوەن مافی دەنگدان دەبێت.

**ه: دەستەی هەڵبژاردن:**

ـ ئەم دەستەیە بۆ بەڕێوەبردن و چاوەدێری بە سەر هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی حیزبدا پێك دەهێنرێت.

ـ 3 کەس لە ئەندامانی ئەم دەستەیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لە کۆنگرەدا دیاری دەکرێن.

ـ ئەم دەستەیە بە هۆی ئەوەی کە کارەکەیان بەردەوام نیە، دەکرێ بەرپرسایەتیی دیکەش لە حیزبدا وەرگرن.

ـ ئەم دەستەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان دەبێ لانیکەم مانگێ جارێك كۆ ببنەوە و گەڵاڵەی پێویست بۆ هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی حیزب ئامادە بکەن و بە پەسەندی کومیتەی ناوەندیی بگەیەنن.

ـ لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکاندا ئەم دەستەیە دەبێ هاوئاهەنگیی لەگەڵ بەشەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەکانەوە بکات و بۆ راپەڕاندنی کاروبارکان دەتوانێ هاوکار بۆ خۆی دیاری بکات.

تێبینی: لە ئەگەری نەمانی هەر کام لە ئەندامانی دەستەی هەڵبژاردندا، کومیتەی ناوەندی دەتوانێ کەسێك وەکوو جێگرەوەی دیاری بکات.

## کۆنفرانسی ئۆرگانەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە

ـ ڕێژەی هەڵبژێران لە کۆنفرانسەکاندا، لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێت.

ـ ئەو کەسانە دەتوانن لە کۆنفرانسدا بەشدار بن کە لانیکەم 1 ساڵ ئەندامی حیزب بووبن.

ـ بۆ خۆ پاڵاوتن لە کۆنفرانسدا، هەر کەسێك پێویستە لانیکەم 2 ساڵ ئەندامی حیزب بوویێت.

ـ کەسێك کە گومانی ئەمنیەتیی لە سەر بێت یا بەهۆی دۆسیەی سەلمێنراوی گەندەڵییەوە پێشتر سزا درابێت، ناتوانێ خۆی بۆ هەڵبژێران بپاڵێوێت.

ـ ئەگەر ژمارەی بەشدارانی ژن لە کۆنفرانسێکدا بگاتە 20%، دەبێ لانیکەم 1 ژن لەو کۆنفرانسەدا هەڵبژێردرێت.

## پێوەرەکانی ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی، دەستەی چاوەدێری و دەستەی هەڵبژاردن

1: ئەندامی پێشووی ڕێبەری بوویێت.

2: لانیکەم 3 ساڵ ئەندامی حیزب بوویێت.

3: ڕادەی خوێندەواریی لانیکەم دیپلۆم بێت.

4: توانای بەڕێوەبردنی ئۆرگان یا ئەرکێکی گرینگی حیزبیی هەبێت.

**چەند تێبینییەك:**

تێبینیی 1: بەرپرسانی هەموو بەشەكان لە چوارچێوەی كاری خۆیاندا دەبێ سەلاحیەتی تەواو و ئیمكاناتی ڕاپەڕاندنی كارەكەیان بۆ دابین بكرێت.

تێبینیی 2: هەموو كۆمیسیۆنێك دەتوانێ بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانی لە كەسانی پسپۆڕ و شارەزای ئەندامی حیزب یان كەسانی دەرەوەی چوارچێوەی تشكیلاتیی حیزب، بە شێوە و ڕادەی پێویست و گونجاو كەڵك وەربگرێت.

تێبینیی 3: مەرجی پێ ئەسپاردنی بەرپرسایەتی لە ئۆرگانەكاندا تەنیا ئەندامەتیی كومیتەی ناوەندی نیە، بەڵكوو توانا و لێهاتوویی كەسەكان و پێویستییەكانی ڕەوتی ڕاپەڕاندنی كاروبار لە بەرچاو دەگیرێت.

تێبینیی 4: هەموو كۆمیسیۆن و كومیتەكان بۆ ڕاپەڕاندنی كاروبارەكانیان بەشێكی ماڵی ئیدارییان دەبێت.

تێبینیی 5: ئەندامانی كومیتەی ناوەندیی حیزب تەنیا دەتوانن بەرپرسی ئۆرگانێكی سەرەكیی حیزب بن.

## ئۆرگانەكان

### كومیتەی گشتیی داهات و دارایی:

ـ داهاتی ماڵیی حیزب دەبێ لە لایەن كومیتەیەكی پێنج كەسییەوە ئیدارە بكرێت كە لە سكرتێر، جێگری سكرتێر، بەرپرسی كۆمیسیۆنی ڕاپەڕاندن، ئەندامێكی دیكەی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی ماڵیی دەرەوەی وڵات پێك دێت.

- دەفتەری سیاسی مافی هەیە بۆ ئاگاداربوون لە وەزعی ماڵیی حیزب لە هەر بابەتێكدا كە پێوەندی بە كاروباری ماڵییەوە هەیە، داوای ڕوونكردنەوە لە كومیتەی گشتیی داهات و دارایی بكات.

ـ كاروباری ئەم كومیتەیەش وەك هەموو بەشەكانی دیكەی حیزب دەكەوێتە ژێر چاوەدێریی دەستەی چاوەدێری.

### كۆمیسیۆنی پێوەندییەكان:

ـ پێوەندییە کوردستانییەکان

ـ پێوەندییە ئێرانییەکان

ـ پێوەندییە بیانییەکان

**کۆمیسیۆنی ڕێکخستن:**

ـ بەشی ڕێکخستنی نێوخۆ (نهێنی)

ـ بەشی ڕێکخستنی ئاشکرا (هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات)

کومیتەکانی بەشی ڕێکخستنی ئاشکرا (هەرێمی کوردستان، دەرەوە):

1ـ بەپێی ژمارەی ئەندامەکان لە سێ تا حەوت کەس پێك دێت.

2ـ دیاریکردنی ئەندامەکانیان بە هەڵبژاردن دەبێت.

3ـ بەو ڕادەیە کە ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان، لە چوارچێوەی کاری خۆیاندا سەلاحیەتیان پێ دەدرێت و کۆمیسیۆنی ڕێکخستن دەبێ سنووری سەلاحیەت و دەسەڵاتی ئەندامان بە جۆرێك دیاری بکات کە بتوانن لە بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکە و کارەکانی پێوەندیدار بە خۆیاندا زۆرترین ڕۆڵ بگێڕن.

**کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن:**

ـ چاپەمەنی (رۆژنامە و سایت)

ـ دەنگ و ڕەنگ

**کۆمیسیۆنی پەروەردە:**

ـ بەشی سیاسی (بەڕێوەبردنی خولی فێرکاری، دەرکردنی وەرزنامە)

ـ بەشی نیزامی

ـ بەشی وەرزشی و فەرهەنگی

**کومیتەی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان:**

ـ ڕێکخراوە مەدەنییەکان

ـ ڕێکخراوە پیشەییەکان

**کۆمیسیۆنی ڕاپەڕاندن:**

ـ بەشیماڵی

ـ بەشی خەدەمات

ـ بەشی کاروباری شەهیدان

ـ بەشی زیندانیانی سیاسی

**کۆمیسیۆنی پێشمەرگە:**

ـ بەشی بەڕێوەبەری و پێراگەیشتن بە پێرسۆنیل

ـ بەشی ڕاهێنان و زانیاریی نیزامی

ـ بەشی عەمەلیات:

ئەو بەشە "ستادی فەرماندەیی" یا فەرماندەهییەکی باڵای دەبێ کە لە سێ کەس پێك دێت. لەو سێ کەسە، یەکێکیان وەکوو بەرپرسی گشتی دیاری دەکرێت.

**کومیتەی ئەمنیەت:**

ـ بەشی زانیاری و هەواڵگری

ـ بەشی پاراستنی ناوخۆ